شیعری وەرگێڕدراو

# وردە هۆنراوەی تورکمانی

تەحسین یاسین

و: عەباس عەبدوڵلا یووسف



**١. لە ڕۆژانی ئابلۆقەدا**

باوکم قایل نەبوو
پێڵاوم بۆ بکڕێ
کە خوازەلۆکیم لێ کرد
وتی: ڕۆڵە
ئەگەر هەر بستێ و مینێکیان لێ چاندبێ
پێڵاو چ سوودێکی هەیە

**٢. کۆمیدیایەکی ڕەش**

لەهەر کامووسێک
بەدچارەیەکیان هەڵبژارد
کە بەسەر نوێنی منیشیان دادا
بینیان ڕووێکە و
خڵتانی خەونانە

**٣. مەستی تا ڕادەی داپلۆسین**

کە خامۆشی دەبووژێتەوە
لەناو قورگمدا
وشەکان کۆنینەدار دەبن
**٤. نیگایەکی رۆمانسی**
بەداری لاولاوە سەرسامم
نهێنیەکەشی
هەردووکمان گیانبازین و
بەسەر بانێژەی جوانان
هەڵدەگەڕێین
**٥. تاوانێکی رەوا**
دەبا پاڵتۆکەم بدزن
هەر باران نابارێت
دەبا هەر پێستەم بگروێنن
من لە چەقۆیەک ناترسم
خۆی خۆی بگروێنێ
**٦. زامی نایاب**
لە ناو دڵدا
لە بۆ یەکبوونی
تیری ئازیزان
شادی و کەرنەڤاڵە
**٧. باجێک**
بارگرانیی
سەرکە گەورەکە
مل دەیداتەوە
**٨. لە پێناو کەران**
پاش...
فرۆشتنی ئەسپەکەی خۆی
بەدوای
تۆزەکەی داچوو
تا حیلەکەی بکڕێ

**٩. فەلسەفەیەکی فەرامۆشکراو**

بەس

لە ئاوێنەی شاردا

جوانی گەسک دەبینیت

**١٠. دونیا بەهارە**

وا زستانی بەیەکگەیشتنمان

دەخۆمەوە

تا بە هاوینی لێک جوداییمان

تینووم نەبێت

**١١. بیروڕای تر**

باران...

مێوانێکی هێمنە

بەڵام

ئەوەی شێتانە لە دەرگا دەدات

بایەکەیە

**١٢. پاڵەوانێکی دروشمباز**

لە ڕێگەکە دەترسێت

جا لە بارەی ماوەڕێ

لە پێڵاوەی خۆی دەپرسێت

**١٣. بەرتیلێک بۆ کەش**

گەرووی خۆم

بەبا دەبەخشم

تا بمدا بە هەورە تریشقە

**١٤. فیلمێکی بێدەنگ**

کاتێ لە ناو دەریاچەی دڵە مەنگەکاندا

وێنەکان خۆ دەکوژن

دەراوی رووەکان

لە بۆ وێنەگرتنی فیلمێکی

بێدەنگ

دەبنە ستۆدیۆ

**١٥. له بيرچوونەوە**

دەنگدانەوە گەڕایەوە

سەر ئاوێنە

تاكو وێنەی دەمەكەی

بەبیر بێتەوە

**١٦. چارەیەكی قەرەجانە**

داوی ئاگرم

بە كونی دەرزی ئەو كچەدا تێپەڕاند

تا بەیەكەو

چادری گیانی ساردمان بدروین

**١٧. گۆڵچی**

له پێش...

هەنگاوی دڵنیابوو

دیوارەكان

پاشەكشە دەكەن

**١٨. گاشێتی**

بۆ وەی گاكان

هێور ببنەوە

دیانای میرزادەیان كوشت

**١٩. چاودێتە**

دڕندایەتی جەنگ

وای لێ كردم بقیژێنم

هابیل بە گەپی مێشک

مرد

**٢٠. ئایا بینیوتە...**

سوارێک

بەسەرکی ئەسپێک

خەونی خۆی بڕفێنێ

سەرچاوە: حلمت بالجنه سهوا. شعر: تحسین یاسین. منشورات مجله یورد (الوطن) ٢٠٠٨.

* كامووس = كابووس. چاودیته = شاهد عیان. ماوەڕێ = مسافه. گاشێتی = جنون البقر